**وەزارتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٥٠٧٠ لە ٢٠١٨/٥/٢١**

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٨.**

**ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی**

ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٣٥) لە ٢٠١٧/١١/٢٠ کە بەنووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سکرتاریەتی ئەنجومەن ژمارە(٨٧٧) لە ٢٠١٧/١١/٢٦ گشتاندنی پێ کراوە پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە(١٢٠) لە ڕۆژی ٢٠١٧/١١/٢٠ بڕیاردرابە:-

١- وەکو قۆناغی یەکەم جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە لەسەر بەرهەمە هاوردەکان ، توتن وجگەرە و بەرهەمە لێوەرگیراوەکانیان (المشتقات) .

٢- وەرگرتنی ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی بەرێژەی (٥%) لەسەدا پێنج دەبێت لەسەر گشت بابەتەکانی توتن و جگەرە و بەرهەمە لێوەرگیراوەکانیان ( المشتقات ) کە لە خشتەی ژمارە (١)ی بڕیارەکە ئاماژەیان پێکردووە و وێنەیەکی هاوپێچە و پێك دێت لە (١١) بڕگە کە بە (جگەرە دەست پێ دەکات و بە تووتنی خاوی چانەککراو کۆتایی دێت ) و ئەم کاڵایانە لە کاتی هاوردەکردنیاندا بە گوێرەی پۆلینی هاتوو لە پێناسەی گومرگی و ڕێنماییە گومرگییە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان مامەڵە دەکرێن.

٣- لە کاتی هاوردەکردنی ئەو بابەت و کاڵایانەی لەم بڕیارە کە ئاماژەیان پێکراوە ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی وەردەگیرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگ و نرخی بابەت و کاڵاکانیش و کاتی هاوردەکردنیاندا دەبێتە بناغەی وەرگرتنی ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی.

٤- ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی شیاو دەبێت لە کاتی تۆمارکردنی وەك کاڵایەکی بەکاربردن واتە لەگەڵ شایستە بوونی رسووماتی گومرگی و ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی دەچێتە ژێر باری هەموو یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیە گومرگیەکانەوە کاریان پێ دەکرێت .

٥- وەرگرتنی ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرگییەوە دەبێت و داهاتەکەی لەژمێرەی گەنجینە دا دادەنرێت .

٦- تۆمارکردنی داهاتەکانی بەدەست هاتووی سەرەوە لە بڕگەیەکی سەربەخۆ بە ناوی (داهاتەکانی ڕەسمی هاوردەکردن) دەبێت و تەواوی ئەم داهاتە خەرج دەکرێت بۆ مەبەستەکانی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان و نێرگەلە لە پێناو پاراستنی تەندروستی هاوڵاتیان .

٧- ژمێرەیەك دەكرێتەوە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە و سەرجەم داهاتی ئاماژە پێكراو لە بەڕێوەبەرایەتی دەروازە سنوورییە نێو دەوڵەتیەكان دەخرێتە سەر ئەم ژمێرەیە و تەنها وەزیری تەندروستی دەسەڵاتدارە بەخەرج كردن و جوڵانەوەی ئەم ژمێرەیە و لە ڕێی لیژنەكانی تایبەتمەندە و بەپێی ڕێنماییە داراییەكان

٨- ئەم ڕێنماییە لە دوای (٤٥) چل و پێنج رۆژ لە دەرچوونی كاری پێدەكرێت و لە رۆژنامەی ( وەقایعی كوردستان ) بڵاودەكرێتەوە .

**ڕێباز محمد حملان**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**خشتەی ژمارە ( ١ )**
**ئەو بابەت و كاڵایانەی كە ( ڕەسمی بەكارهێنانی ناوخۆیی ) دەیانگرێتەوە**
**بە گوێرەی پێناسەی گومرگی**

| ز | کاڵا | بەش | ناونیشانی گومرگی | یەکە | ڕێژەی (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی) (%) |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جگەرە | ١٥ | ١ | کارتۆن | %٥ |
| ٢ | جگەرەی بیانی | ١٥ | ١ | کارتۆن | %٥ |
| ٣ | جگەرەی لەف (Rolling paper) | ١٥ | ٨ | کگم | %٥ |
| ٤ | تووتنی بۆنداری نێرگەلە | ١٥ | ١٥ | کگم | %٥ |
| ٥ | تووتنی نێرگەلە | ١٥ | ١٥ | کگم | %٥ |
| ٦ | تووتنی پایپ | ١٥ | ١٥ | کگم | %٥ |
| ٧ | تووتنی چاککراوە | ١٥ | ١٥ | کگم | %٥ |
| ٨ | بەرهەمەکانی تری تووتن | ١٥ | ٢٢ | کگم | %٥ |
| ٩ | چروت (Cigar) | ١٥ | ٢٦ | کگم | %٥ |
| ١٠ | جگەرەی ئەلکترۆنی | ١٥ | ٢٨ | سێت | %٥ |
| ١١ | تووتنی خاوی چانەککراوە | ١٧ | ١٦ | کگم | %٥ |